# دوعا یەکەم ئافرەت نیە بە بلۆك دەکوژریت ....

## رزگار کۆچەر

لەوانەیە زۆرکەم بێت چەندی قسە لەسەر شێوەی کوشتن و بەرد بارن کردنی دوعا بکەین بەلاّم دەکرێت بپرسین ئاخۆ دوعا یەکەم ئافرەت بووە کە بەم شێوە تراژیدیە دەکوژرێت !!!

یان رۆژانە هەواڵی ئەتك کردن و روجم کردنی ژنان لە نێو کۆمەڵگای کوردی بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو و تەشەنە کردوو , توندوو تیژی بەرامبەر بە ئافرەتان دیاردەیەکی جیهانیەو دراندانە ترین کاری نارەوایە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەرتا سەری جیهان پەیرەوی دەکات , بیّ گومان ئەم دیاردەیەش بەپیّ ی رادەی پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابوری و رۆشەنبیری و ولاتان دەگۆریّ لە ولاتە دواکەوتوەکان دا شێوازی درندانەتر و بەرفراوانتر وەردەگریّ و شەرعیەتی دەدریّتیّ وبەندی یاسایی بۆ دادەریّژریّ , هەروەك ئەوەی ئیمرۆ لە کوردستان دەبینریّ ..

بەلّیّ ئێستا کوردستان ئەو شوێنەیە کە ئافرەتان ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەرو جیا بونەوە ئازادی تێکەلاو بوون وکار کردن وجل پۆشین و کۆمەڵێك مافی کەسی و فەردیان بۆ بەرسمی ناناسرێت هەر بۆیەش هەواڵی کوشتنی ئافرەتان رۆژانە لە زێدە بوون دایەو تا ئێستاش دەسەلات بەهۆی فەرهەنگی دواکەوتووی خێلەکی و شەریعەت و مەزهەب و قانونەکانی ئەحواڵی شخسی عێراقی خودی ریکخراوەکانی ئافرەتان وژنانیش بونەتە ئەو شمشێر و پەرەمێزو فیشەك و بلۆکەی کە رۆژانە رێژەی مەرگی ئافرەتانی پێوە زێدەتر دەبێت ..

نمونەی کوشتنی وەك دوعا لە نێوکۆمەڵگای کوردی گەلێك زۆرە من چەند سالێك پێش ئێستا بیستم ئافرەتێك لووتی براوە کە ئەو کات زۆری لەسەر وتاراو وەك ئێستاش زۆر لە ئێمەمانان نان وپیازمان پێوە خوارد , یان سوتاندنی ئەو ئافرەتەی کە بەدەستی کورە تەمەن دوازدە سالیەکەی ئەویش شێوە تراژیدیایەکی تری رەش کردنەوەی ئافرەتان بوو , لەگەڵ ئەوەش رۆژانە لە کوردستان لە گشت دەڤەرەو شارەکانی ئەم شێوە رەفتارانە دەبینین کە بەرامبەر ئافرەتان وژنان دەکریت ..

بیّ ئەوەی یەکێك لە ئێمە تاوانیبمان خالێك لەسەر وشەکان دابنێن و کەم و کوریەکان دەست نیشان بکەین و چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە, هەر بۆیەش پاش مەرگی دوعا زۆر لە ئێمەمانان خۆمان کردە فریشتەوکەم تا زۆر بەرێکمان خستە مزگەوتەکە , بەلاّم لە هەمووی سەمەرە تر  خۆ تێوەگەلاندن و قسەی هەندیّ لە لایەنی سیاسی کوردستان وعێراقە کە دەیانەوێت خۆیان بکەن بە فریادرەسی ئافرەتان و ژنان کە زۆر بەداخەوە زۆربەی پێشێلی و دەست درێژیەکانی ئەم ماوەیە لە لایەن خودی پیاوەکانی ئەم ئاحزابانەوە کراوە کە هەندێکیان ئێستا کوشتنی دوعا وەك کارتێکی سیاسی بەکار دەهێنن و دەیانەوێت بلّێن دەڤەرەکەی ئێمە خالیە لە پێشێل کردنی مافەکانی ژنان  وهەر ئیمەش و هەموو مافەکنیشمان بۆ دەستە بەر کردوون ....

rzgarkochar@yahoo.com